

کتێبخانەیەکە تایبەت بە:

١. کتێب و گۆڤاری کوردی

٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد

لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: @kurdica ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.

تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.

دو بەیتیەکانی

مەلا عومەری سالحی سناحیب "کۆلیل"

ئامادەکراوی:

سید عبدالله صمدی

پەرتووکخانەی
شاسەنەم
ژمارە: ١٤٠٨٨
ڕێکەوت: ....



- نام کتاب : دو به تیپه کانی
- نام مؤلف :مه‌لاعومه‌ری سالحی
- ناشر محمدی : سقز
- چاپ و لیتوگرافی چهر تبریز
- تیراژ ۳۰۰۰ جلد

دوبەیتییەکانی

مەلاعومەری ساحی ساحیب «کۆیل»

ناماده گراوی

سید عبدالله صمدی





هه هه مور ریتاری بر ناله و خروش

ره لک دو تا ده ترس له جوده

هه هه مور ریتاری بر ناله و خروش

ره لک دو تا ده ترس له جوده

هه هه مور ریتاری بر ناله و خروش

ره لک دو تا ده ترس له جوده

١ هەناسەم دای لە گۆنات‌هەر وەکو با
بە عاستەم با لە هەنیەی‌جوانی ئژیا
بەڵام عیلمی مەلە چون نابەڵەد بو
هەناسەی‌لێ برا بێچارە خنکـــا

٢ وتم : نامە بنوسم دڵ پەشۆکا
بە ئاڵۆزی و پڕی لێم هاتە چۆکا
" کە خامە دو زمانە و نامە ڕو ڕەش " ١
گولێش لەم بەینە نابێ هات و چۆ کا

٣ ئەوەندەت دڵ گوشیم تا دافلیقا
لە ژێر پێی تانە دا گیانم تلیقا
لەشی هەستم حەریرێ بو ئەویندار
بە تون کێشاتە سەر درکی دلیقـــا

٤ چەنێ کوێرەوەریم کێشا لە ڕێتا
ئەوەن پێم نا بە ئاوڕوما لە پێتا
لە سەر فەرشی-حەریری شیعری نەرما
پەریشم ڕێ نەدا بنووێ لە جێتا

٥ سرشکی چاوەکانم کەی؟ لە کوێ دا ؟
لە گوێنی پرپرەی گوارەن لە گوێ دا
لە غەیری خۆی نەبێ ناچێ لە هیچێ
چ ئەسرینێکی ڕژیابێ لە ســـوێ دا

٦ لە سەر دوندی چیای بەرزی خەیالا
لە دەی ماندگی گولان بەولا لە سالا
بە دوربینی دڵم عەکست دەها وێم
لە بەر کۆشکی بلوورینی جەمالا

۷

شەوێ پێم نا بە سەر شەرم و حەیا دا
بەنام هێنایە بەژنت، لەو پەنا دا
وتم کەی ڕۆژە ؟ فەرموت ئەو سەعاتەی
لە سەر سینگم دەست ئەو سوخمە لادا

۸

ژمارەی بەختەکەم سفرێکە لای چەپ
وەکو تۆپێ زەمانە دایە بەر شەپ
بە شوتێ کەوتە دەروازەی ئەوینت
گوڵێرێ وەک منیش مات و قڕ و قەپ

۹

دەرونم ئاوسی دەردە لە دوریت
لە میرگی دڵ گوڵی شادی ئەدوریت
مەگەر ئاهوی تەتاری ئەونە تۆڕی
کە جارێ هەڵکەوی وا تون ئەبوریت

١٠ کەسێ کۆلیلە بۆ تۆ دێتە پیریت
وەکو ڕۆژانی جوانی وەختی پیریت
بە ئەو پەیمانە مەستە داتە دەستی
بە ئەو پەیمانە بەستی هەر لە بیریت

١١ کلەی چاوی خەیاڵە خاکی ژێر پێت
لە شوێنت وێلە، پیرووێڵەت بە گژ چێت
لە جێی لێو نوێنەری ماچی گلێکە
گوڵێ وەک تۆ بە نازۆ پای لە سەر نێت

١٢ بە ئەو قەولانە ڕۆژانی هەوەڵ دات
وتم : ئەڵبەت شەوی ڕەش چو شەوەق هات
تەمەس نەمزانی ڕەنگی شەو پەڕیبو
سپی وا هەڵگەڕابو سەرکز و مات



١٣

تکێ ئەشکم لە خەو دا کەوتە سەر ڕوت
خەریك بوم بیسڕم نەت هێشت و فەرموت :
بە شەونم ڕومەتی ڕوتی گوڵاڵـــــە
دەسێنێ ئاو لە چاوی لەعل و یاقوت

١٤

زەمانی شیعرەکانی من لە سیمات
دەیانکرد چینە وێنەی تەیری ئاوات
ئەتۆ باڵت پڕوزاندن وەباڵی
حەمو ئەو بێ گوناحانە وە باڵات

١٥

گەش و ساماڵە عاسمانی جوانیت
بە بیری سەخڵەت و هەور و هەڵانیت
لەشت مانگی گوڵانی کامـــەرانی
بە بای سەردی خەزەڵوەر ئاشنانیت

١٦ ئەوینداری دەسی بەستم دەمی سوت
برا جەرگم بە سیحری چاوی جادوت
لە قولکەی گەردن و چاڵی چەنەی تۆ
دڵم دیلە وەکو هاروت و ماروت

١٧ دەسی دڵ کاتی شـللیکـی گولەی ئاخ
دەلەرزێ سەر دەکا لولەی سڕی ناخ
دەسـومێشـی دەرونم راسە ئەمما
دڵی دڵ نەرمە بۆ تۆ هەر لە بنچاخ

١٨ نەخۆشێکم لەت و پاری چزی دەرد
گوڵی بەردی ڕەقی تۆ وەردی بێـگەرد
بلووری عومرەکەم هەر تۆ شکاندت
" کـە هـر چە کـرد با من آشنا کرد " ٢



لە خەرمانی گیانم دا شــەرارەی

١٩ خزایە باخەڵم پیرێژنی دەرد
بە کوڵێ بەفر و ئەندامێ سڕ و سەرد
کەلی چڵکن لە زستانی دڵی من
دەلەرزێ هەر وەکو شوشە لە بەر بەرد

٢٠ چ نابێ زاهیدا تۆ بی و خودا وەند
قوڵێ هەڵخە بەرەو تالاری دڵبەند
ئەگەر زوتر نەکەی کارێ نزیکە
گوڵی گەش بۆ قەلە ڕەش بێتە لەبخەند

٢١ بە بونی خۆشەویستی باوەڕم کـــرد
بە دویا شوێن نەما نەیپشکنم ورد
دەسی ئاخر بە توشی توشـی یۆ بـــوم
مغابن ، هەم ئەوین هەم باوەڕم مـرد



٢٢ وەرێ نەگرێ ئەگەرچی بیر و باوەڕ
دڕۆ ناکەم دڕۆ دەرە دەر بکا بەڕ
بە یادی تۆ وە شەو تاکو بەیانی
لە چاوانم دەبارێ ئاگری تەڕ

٢٣ ئەگەر هەڵدێ لە ئاسۆی لێو بڕێ جار
بزەی کز هەڵگەڕاوم وەک هەتیو بار
ئەوە ڕوبەندی سەر کوڵمی گرینە
لە بەر تانەی ڕەقیبی توخن و شۆفار

٢٤ وەکو ماسی لە ئاو بیهێنیە دەر
بەلە قاژێمە بۆ دیداری دڵبەر
وەرە ئەی ناوەرۆکی بەخت و ئیقبال
لە ئەم تەنگ و چەڵەمەم دەر بکە دەر

٢٥

لە پێش تۆ دا گەلێ شاگوڵ لە گوڵزار
دەشنیانۆ ، بە لەنجە و لار و ئەتوار
لە ئەنجامـا ، تەواوی بێ سەر و شوێن
سەری ناوە چ نەخشین و چ ساکار

٢٦

جەهانم قەت وەکو دوێنی نەبو یار
بە پێ پلکەی ئەوینا بۆ هەوەل جـار
سەری خستم ، وەلێ ئەونەی نەمابـــو
بتاوێمـۆ بە تینی خۆری دیدار

٢٧

ئەمن ئاوێنەداری ڕوتم و بەس
ئەمن بەستە بە تاڵی موتم و بەس
ئەوانە دڕکەزێن هاتونە سەر ڕێت
ئەمن وەک گوڵ بەڕێ هاتوتم و بەس

٢٨ لە سەر تالانی دڵ کەوتۆتە قەرقەش
بژانگ و تیغی ئەبرۆ ، پەرچەمی ڕەش
یەکێ بۆ تیرەباران و یەکێ تر
سەری ببڕێ ، لە داری دا ئەوی کەش

٢٩ نەما مێکی نەزۆکە سەروی تۆ ڕپۆش
منالّی میوە قەت نانێ لە سەر کۆش
سەرم سوڕە لە بەژنی ڕێکی ئێوە
سەهی سەروە کەچی گردویە لێمۆش

٣٠ خەمی تۆ بو بە هەتوانی دڵی ڕێش
خەمی تۆ بوبە سوختی ئاگری ئێش
چەنێ ڕو سوری چەخماخەی بریندم
دڵم ڕوناکی چەپلاخەی چڵەونێش

٣١

بەشی عالەم لە ڕۆژێکا کرا بەش
لە ڕەش هەڵگردنا بوینە برا بەش
ئەتۆ چاوو بڕۆ و خاڵ و قژت کەوت
برایە بەر منیش بەخت و شەوی ڕەش

٣٢

ئەگەر قارە ئەگەر نازە ئەگەر ڕێسك
بەسە ، خەنجەر بریقەی دای لە سەر ئێسك
بە گریانی عومەر زوڵمە کەنینت
گەڵێ خنکا گوڵی قاقا بە فرمێسك

٣٣

بە تامەزرۆی دڵی هەنگێ تەراوتەك
لە گەڵ گوڵ دەم بنێنە ناو دەمی یەك
دلم ئاواتە خوازە هەلببەسری
بە سەر سوخمەکەتا ، وەك سمڵ و مێخەك

٣٤

به جوانی مەخمەڵی سەوزە قوبەی خاڵ
به تۆندی زاری بەستەزمان دەکا لاڵ
کە ماڵێکم نەبو بیدەم بە خاڵت
کەمالم کالە رەنگی ، تام و بوی تاڵ

٣٥

بلووری ئەشکی وەک ئاقێقی،کۆلیل ،
کەویری ڕومەتی پۆشا وەکو نیل
نزولەی چێتە لای خوا دیل و بەستە
لە خوێن گەوزێ کەسێ دامی لە بەرتیل

٣٦

لە سەر تەختی ئەوینێکی گموگل
منە زامارەکەت کەوتومە سەر تل
دەس و ڕانی لە چل لاوە شکاوە
دڵە کۆلیلەکەم بۆتۆ شل و مل

بە دوربێنی دڵم عەکست دەهاوێم
لە بەر کۆشکی بلورینی جەمالا

٣٧ تەزی وادەی دڕۆ گیانی تەزانم
بەرامە و بەرهەمی ژینی وەرانم
دڵێکم بو بە ساقی دا'مە دەستی
دڵی بشکێ دڵی ساقی شکانم

٣٨ دەترسم هەڵدرم سوفرەی دەرونم
نەمێنێ دەوڵەتی تاقانە بونم
هەمو کەس شێت ببن بێتو بزانن
لە نابودی دەکا پەرژین جنونم

٣٩ چڵەی چاوی شەوارەی بێ بەیانیم
ڕەشم پۆشاوە بۆ تۆ بۆ جوانیم
وەکو سەنعان وتو ویرەی ئەمن هەر
بە سەرهاتی دڵە و شەرتی شوانیم

٤٠ ئەوێندارێکی هەر ئەونە بە سۆزم
لە ڕێگەی هات و چۆتا گەرد و تۆزم
بە مەرجێ گیانە تۆزێ لێت بنیشم
ئەگەرچی خاکم ئەمما قیت و قۆزم

٤١ بە گەرمە پێکەنینێ چو لە بیرم
لە نێو ئەم ڕاوگە دا چەندەم نەچیرم
لە بەر ئەم بەر بەڕۆچکە پڕ لە سیحرە
هەتا کەی هەڵئەچۆقێم و زەویرم

٤٢ دەمێکە چاوەڕێی خونچە دەمێکم
بە بێ ئەو ساڵە وەرزێکە دەمێکم
خدر زیندو نیە وەک من کە بێتو
لە چەشمەی لێوی تێرا و کا ژەمێکم

٤٣ من ئەو فرمێسکە سەرگەردان و وێلەم
کوژابێتۆ دەمی تاریک و لێلەم
ئەمن ئاھ و نزولەی دڵ تەزینم
حەواڵەی گیانی ئەم خێلە بەخێلەم

٤٤ ئەڵێی قامیشەڵانی پڕ لە ناڵەم
لە شین گیراوە هەر ئێژی گەڵاڵەم
لە ڕۆژێکۆ بڕۆتەهان دا لە کۆلیل
لە بۆم ژیر نەبوەتۆ قەلبی مناڵەم

٤٥ بە بێ تۆ مردنە ژینم بە دینم
شلە ژێتاری موسیقای ئەوینم
هەتا خوا حەز بکا ئاڵۆز و زیزم
لە ئەم عومرەی بە بێ تۆ هاتە دینم

٤٦ ئەڵێن پێم هاوەڵانم تەرکی تۆ کەم
هەمو مومێ دەتاوێتۆ لە کن شەم
هەڵەن ئەم هاوەڵانە بێ سەرنجن
چ نازانن ئەتۆ شەم من پەپولەم

٤٧ لە ڕێگەی تەقتەقی عیشقی هەراشم
بلووری هەستی دڵ ورد و پەراشم
ئەوەندە شیرن و شەنگ و چەلەنگی
تەلاشت لێ بڕیم ، سرتە و هەراشم

٤٨ وەکو پەوتت پەوانە تیشکی چاوم
بە دو تا ، ئەی گوڵی ئاسۆی هەتاوم
بە بێتۆ خەڵوەتی پڕ لە گرینم
ملی ئەسرین لە سەد لاوە شکاوم

٤٩ وه بیرم نایه‌ڕابردوی ژیانم
له یه‌ك هه‌ڵچونی خۆم و ها وه‌ڵانم
وه‌لێ هه‌ر وا له گوێما بانگه‌شه‌ی غه‌م
هه‌تا هه‌م منبه‌ری خوتبه‌ی خه‌مانم

٥٠ به‌ر و بۆی داری عومرت بۆچ وه‌رانم ؟!
گوناحم کامه ؟! یێم خۆشه بزانم
به مه‌رگت گه‌ر به مه‌رگم حه‌ز ده‌فه‌رموی
به شاباشت ده‌که‌م سه‌د ده‌فعه گیانم

٥١ له شه‌وگاری خه‌ما تاقه سوارم
له ڕوباری مراداء بێ بوارم
له ڕوباریوی زه‌ردی ده‌ردی دوریم
شه‌ق و شڕ بوی په‌لاماری پلارم

٥٢ وەرە دەس بە لە نەزمی دەستی چاوم
بزانە چۆن دەسوتێ و گەرمە تاوم
بە بێ ماچی تەماشای نێرگزی تۆ
بە لوقمان و ئەرەستو چارە ناوم

٥٣ لە جەنگەی نیوە شەو دا گوێ قوڵاخم
بەدەن شەورنگەر و شەختە لە باخم
بە بێ تۆ چونکە هەر ساتێ دەگونجێ
فریشتەی مردنێ بێتە سوراخم

٥٤ لە سەرمای تەفرە دا سارد و سڕ بوم
بە تیر و تانە ونجڕ ونجڕۆ بوم
لە جەرگەی وشکە سالّی خۆشەویستی
ئەمن تەنیا بە دەم قات و قڕۆ بوم



لە سەر تالانی دڵ کەوتۆتە قەرقەش

٥٥

نەمامی بەژنەکەت هەر هاتە بەر دان
ڕەقیبت گردە دڵ ئیمەت وە بەردان
ئەسەف بۆ جەرگ و دڵ بۆ بوکی هەڵبەست
سەگ و گورگ و چەقەڵ دایانە بەردان

٥٦

بڕۆ نا ئاشنای ڕاستی درۆزن
ڕەفیقی نیوە ڕێی ڕۆ تاڵی لوتن
ئەمن پوختەی پەژارە و ڕێگە چۆڵم
هەتاوی سەردی ڕوتم بۆچییە من

٥٧

بە دەنگە گەرمەکەت سۆز و کوڵم من
لە سینگە نەرمەکەت دەستی کوڵم من
بە نازی چاوی باز و ڕەوتی ئاهوت
قەوارەی لەش بە جێ ماو لە دڵم من

٥٨ شەپۆلی بێ وچانی ئەشکی خوێنین
لەرەی پەوتی هەناسەی گەرم و پڕ تین
پەیامێکی لە پاتەختی ئەوینـــۆ
بە دەست و خەتتو ئینشای قەلبی شەرمین

٥٩ خەمی تۆ ئەرکی سەر شانی دڵی من
بە عیشقی چاوەکەت گیرسا گڵی من
بەڵێنم دەس نەخوردە و سەر بە مۆرە
هەتا مردن گوڵی من،میملی من

٦٠ بە دەم ئاسانە ئەژماری حەزی گیان
لە ڕێگی بەژنەکەت پیتی وشەی ژیان
لە هۆنە زۆر بە سوزاوی تەرە هەســت
دەقی داخوازی دڵ ناشکێ بە لێوان



٦١ ته‌ماشای چاوه‌کانت پڕ له‌ مانان
شکۆی پاڕانه‌وه‌ی لێوی منیش وان
به‌ تاقی نوسره‌تی ئه‌برۆ بڵێ پێم
دڵی من بۆچ یه‌که‌ ڕوانینی تۆ دوان

٦٢ هه‌ڵه‌ و هه‌رزه‌،هه‌ڵه‌ و شاشه‌ وه‌فایان
حه‌یا قاته‌ و خه‌تا زاته‌ له‌ لایان
به‌ زاتی خوا ئه‌وه‌ن په‌ست و ڕه‌زیلن
ته‌ڵه‌ و داون له‌ ڕێگای ئاشنایان

٦٣ وه‌ره‌ زستانی پیری به‌فری باران
نه‌ به‌فرێکی وه‌ها لاچێ به‌ باران
کلیله‌ و به‌همه‌نی قوتبه‌ ده‌ترسم
نه‌ باڵای تۆ ببینم نه‌ به‌هاران

٦٤

دەمت تەنگە نە وەك تەنگی بەشی من
رەشە زولفت نەوەك رۆژی رەشی من
ئەتۆ چاو گێڕ و من گێڕم ، لە لێڕی
دو گێڕا هەڵگلا گیانی لەشی من

٦٥

بەهارێکم گوڵی شین هەر دەکەم شین
لە (حەوسین) م نراوە ناوی حەوشین
شەل و شێت و شەق و شڕ ، شیعر و شیوەن
شەوی تاریکی یەلدای بێ گڕ و تین

٦٦

لە جەرگم تا کزەی هەڵسان کەزێ خاو
دڵم کەوتە پەلە قاژەێ گزەی داو
ئەگەر سەنگی سەبوریش با لە جێی من
دڵی سەبری دەتوقی، وەك دڵی تاو

٦٧ له‌ لای من باری عومرم لاره‌ بێ تۆ
له‌ لای تۆ ڕاسته‌ بێ من بار ئه‌بێتۆ
« له‌ کن تۆ خار و خه‌س گوڵزاره‌ بێ من
له‌ کن من خه‌رمه‌نی گوڵ خاره‌ بێ تۆ » ٣

٦٨ ئه‌شا فرمێسکی ئاواره‌ی چه‌ می چاو
ئه‌شا ئاخی له‌ ناخی خه‌م ترنجاو
ئه‌شا شانی کزی لاڵه‌ و شفا که‌م
چ لێڵ و، گیر و، وێڵی تۆن که‌ زێ خاو

٦٩ وتم کوا مه‌یلی جارانت ؟ وتی چو
وتم ده‌ستم به‌ دامانت . وتی : بو
وتم ئێستەش به‌ری ناده‌م وتی مار
ئه‌ده‌ن پێتو ، وتم چه‌ندن ؟ وتی دو

٧٠ ئەجەل فەرموی : شەوێ عومرت بەسەر چو
وتم تۆ خوا ئەویندارم مەفەرمو
دڵی سوتا بە حاڵم وازی هێنا
لە بەر ئەو ڕێ گرێندگەی وا لە بەرمو

٧١ هونەروەر خوێری بێ گەرمایە ئەمرۆ
بە تایبەت لای بڕێ دڵساردی وەک تۆ
بە ئاو کەوتو هەتا و هەر بێ تەوژمە
شەمە کوێرە چوزانی ڕۆژ چییە و بۆ ؟

٧٢ بەڵێنت نیوە بەند و بەستەڵەک بو
سەرت نایە سەرم ، وادەت کەڵەک بو
لە بیری بردمۆ شیرین زمانیت
وەفا قاتە لە کن کێ چاو بەڵەک بو



لـه ڕێگه‌ی هات و چۆتا گه‌ڕد و تۆزم

٧٣

دەمە لاسکێی دەمی تۆی غونچە فەرمو
بە ڕەشخوێنی یلەی مانای لە بەر چو
ملی کەچ بو ئەوەندی تێ فکریا
قەتی بۆ یەک نەهاتۆ تازە دەرچو

٧٤

بژانگی مەخمەلینی نێرگزی تۆ
لە مالی جەرگمی بەر داوە بۆسۆ
سەرم گەر قابلی چەوگانیزولفە
بفەرمو تا ئەویشت بۆ کەمە گۆ

٧٥

هەرا و نالەم ئەوەندەی بۆ کراوە
لە قەبری هەر دو گوێما نێژراوە
من ئەو هاوارە ئاوارەم کە وا بو
لە دۆلی چۆلی کێوا بەردراوە

٧٦

به ساردی مەیلەکەت گیانم تواوە
ئەڵێی بەفرە لە بەر تاوی هەتاوە
لە مەولا چا دەزانم گەرمە خۆریش
بە گەرمای مەیلی سەردت ئەنگواوە

٧٧

کتێوی عیشقی تۆ سەخت و گرانە
بە تەنیا خۆی تەواوی عیلمەکانە
لە خۆم بۆیە بلیمەت نێو دەبەم چون
بە شەرح و مەتنەوە پاکم ڕەوانە

٧٨

قیافەی قافییەی شیعرم چەماوە
بە وەزنی سوکی بێ وەزنی خراوە
زمانم بانگی بەرزی بێ زمانان
لە کۆیلەی وسکوت و زۆرا شکاوە

٧٩

دەماری عیشقی ئەم عەسرە دراوە
کەسی پوڵی هەبێ دڵ پێدراوە
بە پارە، پارە پارە بومەوە چون
لە پارۆ تۆش دڵت بۆ پارە داوە

٨٠

هەمو قەبری خەمن ئەم چاڵ و چۆڵە
لە سەر تەختی تەوێڵی ئەم کوڵوڵە
لە نێو جەغزی ژیانی دور لە تۆیی
سەر و پێم هاتە یەک بومە گوڵوڵە

٨١

لە ڕێگی بەژنەکەت پشتم چەمیوە
نە هەر خوم، ڕەنگ لە ڕوی مویشم پەڕیوە
گزی دا عەقرەبی زولفت لە (کۆلیل)
وەکو دژمن دڵی دۆستی گەزیوە

٨٢

وەکوو مێگەل لە سینگم موڵ دراوە
هەچی دەرد وەخەم وە کۆسپ وە زوخاوە
کە ڕوتم دی کەڕوی هێنا ڕەش و شین
دڵم ئەم چگە گۆشتە مال خراوە

٨٣

بەڵێ عاڵەم لە کێ بەر کێی شەڕایە.
ڕق و کینە لە پایەی ئەوپەڕایە
بەڵام خۆ من بڕستم لێ بڕاوە
شەڕی تۆ وەك لە گەڵ کوێر و کەڕایە

٨٤

گەرای زگماکە ئەم ڕۆژە ڕەشیمە
لە ماڵ و خاڵی تۆ ئەم بێ بەشیمە
شەرابردوی هەوەڵ ڕۆژی ژیانم
خەفەت ڕێسینە تایبەت بۆ تەشیمە

٨٥

نەماوە ئەو گوڵەی نەیکەم بە بۆوە
بە بیری بۆی هەناسەی خۆشی تۆوە
دەسی ئاخر نەکەوتە دەستی (کۆلیل)
گوڵێ عەتری دەماغی تۆی بە تۆوە

٨٦

بریقەی پوڵەکەت وەک وردە شیشە
ئەچێتە چاوی جەرگمدا هەمیشە
کە بۆ هەورم گەرانۆ ئەم هەوالە
لە داخا شین و زاری بو بە پیشە

٨٧

لە من پێشکەش بە تۆ بەستە و تەرانە
لە تۆ پێشکەش بە من تانە ، تەنانە
بە شیعری من کرا زولفت بە شانە
کەچی تۆ ناخمت گـرتە نیشانە

٨٨ دەمی تۆ خورهەڵاتی پێکەنینە
دەمی من سەروتاری تاریشینە
دڵی من ئەو سەعاتە گۆڕی غەم بێ
دەماغی تۆ بەهاری شانشینە

٨٩ سکوتم دەنگی نالینی حەیایە
گولەی گەرمە دژی فێڵ و ریایە
چرای مەکرم وەکو تۆ هەڵنەکرد من
بژانگم سیم و ئەشکم کارەبایە

٩٠ خەتی باڵی پەپولەی دڵ وەخوێنە
چ رازێکە لە ڕەنگی سورە ، خوێنە
ئەڵێ پەیمانی دڵداری گرێنگە
بە خوێن گەوزێ ئەوەی پەیمان شکێنە



لە سەر تەختی ئەوینێکی گموگڵ

٩١

بە گوێچکەی دڵ دەبیسم یا خەیاڵە
دەفەرموی وەسڵی من بۆ تۆ مەحاڵە

قەلاچۆی تێکەوێ یا ڕەب درۆزن
هەناسەی عاشقی زاری حەوالە

٩٢

مەپرسە چۆن لە نێو تەندوری حیلە
منی بێچارە بومە دەستە چیلە
تەوەززەل بەزم و شایلۆغانی گێڕا
لە سەر تەرمی دڵی کوژراو بە پیلە

٩٣

قەراری دڵ لە من داوا مەکە مە
بە چاوی خۆت بڵێ ، دا وا مەکە مە
غەوارە خۆ نییە (کۆلیل) ی داماو
لە دەر هەق ئاشنا دا ، وا مەکە کە

هەمو ئەو سور و سپیە ماسیانە
لە ڕوباری ڕەگن ، یەک باسیانە
ئەڵێن (کۆلیل) ی تۆ تەنیا یەء قوربان
درۆیە کێ بڵێ دو یا سیانە

نە پێویستم بە تارە نە بە عودە
نە سۆزی ساز و ،نە دەنگی سـرودە
هەمو ژێتاری پڕ نالە و خـروشـن
ڕەگ و تاڵی دەبزوێن ، لەم وجودە

کڕیکارم خەمی عیشقم کڕیە
لە سەر دڵما خەمی زولفت گڕیە
لە سەر پەلکی مژۆڵم ،بۆیە ئەسرین
ئەڵێ لۆستێرە ، یا بۆلە تڕیە

مژوڵت تیری تیژی پڕ لە ژارە
بڕینی دڵ بە تیرێکت هەزارە
بە بەڵگەی ئەو هەمو ئەسرینی ئاڵە
لە گوێی دو چاوما دەبنە گوارە

بە چاوی ڕۆشنی ئەو عارە قاوە
لە سەر کوڵمی گوڵت چەشنی گوڵاوە
قەڵاکەی (زێویە) و (دمدم) بە ئاهو
نزولەی عاشقێ، بون بە کەلاوە

ئەوینی تۆم ڕچەی ژین و ژیانە
لەشم دوچاوتی ڕۆح و گیانە
وتەی ئەستێرە ناسم پێ دڕۆیە
گەلاوێژ کەی یەکێکە ؟ خۆ سیانە



١٠٠

خەتایە مەر لەگەڵما بی سەعاتێ
نە ، تۆ ئاسکی خەتای خێرت دەگاتێ
چ چاکەت قەت نەبو دەرهەق بە (کۆلیل)
خەتا فەرمو سەعاتێ نە ، حەیاتێ

١٠١

مەفەرمو عارە کەس پێمان بزانێ
گری دڵ شورەیی و عەیبە چوزانێ
ئەوەی ئەمرۆکە وسوا بو سبەینێ
دەبێتە خاوەنی ناوو نیشانێ

١٠٢

هەتا شلکی خەرامی نەرم و نۆڵی
بە قوربانت دەبن زۆرێ بە زۆڵی
کە ئاوابو لە کەل ماندگی جوانیت
هەوارت چونکە چۆلە دەورە چۆڵی

١٠٣

له‌ عاسمانی ژیانم دا هه‌ساره‌ی
له‌ خه‌رمانی گیانم دا شه‌واره‌ی
ئه‌ڵێن کۆ بونه‌وه‌ی دو دژ مه‌حاڵه‌
که‌چی تۆ ژین و، مه‌رگی ئه‌م هه‌ژاره‌ی

١٠٤

خودا تا که‌ی بسوتم بۆ چناکه‌ی
بناڵم هه‌ر وه‌کو نه‌ی بۆ شه‌ماما مه‌ی
به‌ وه‌ی وه‌ی خواردمی دو حه‌ی په‌یا په‌ی
که‌س و ناکه‌س بڵێن له‌م شێته‌ حه‌ی حه‌ی!!

١٠٥

نه‌نه‌ی وه‌ك من شكاندویه‌ سكوتی
نه‌ دۆزه‌خ وه‌ك زگم گه‌رمایه‌ قوتی
" له‌ دل بویه‌ ده‌رم كردی ده‌ترسام
به‌ گریه‌ی ئاگر و گه‌رما بسوتی " ٤

١٠٦ له‌ مانی نایه‌ کێشانی که‌مانی
برۆکانی به‌ په‌نجه‌ی پڕ له‌ مانی
له‌ تاوی تیره‌بارانی مژۆڵان
به‌ پاوه‌ سه‌ر ئه‌نێتۆ بۆ نه‌مانی

١٠٧ له‌شی من قاووخی گه‌نجی نه‌داری
ئه‌وینی چاره‌ڕه‌ش گه‌نجینه‌ داری
خه‌می کۆسپی هه‌ژاری به‌س نه‌بو بۆم
گڕی عیشقی ئه‌توش هاته‌ که‌ناری

١٠٨ که‌ مه‌ندی خۆت خه‌تاکاره‌ به‌من چی
به‌ داوو بوت سیا چاره‌ به‌ من چی
(عومه‌ر) بوبه‌ نه‌چیرت خۆیو به‌ختی
کزه‌ ، کۆلیله‌ ، ساکاره‌ ، به‌ من چی



ئەجەل فەرموی شەوێ عومرت بە سەر چو

١٠٩

وەکو بیستومە فەرموتە بە لۆکێ
کە توشم بو بە توشی چا و چنۆکێ
بە دەستی خۆم نییە ئاخر عەزیزم
ئەتۆ بارانی من تینوی تنۆکێ

١١٠

لە ژێر باری خەما نەمدا وچانێ
هەلوکم قەت نەبو قەت لە قچانێ
بە ماچێکت ئەوەن دڵ خۆشە (کۆلیل)
کەیەنکێ وەک درابێتە شوانێ

١١١

تریفەی مانگە شەو هەر شەو بە جۆری
لە بەحری پێکەنینت خۆ ئەشوری
لە شەرمی دور فشانی تۆ بە ڕۆژان
زریوەی یولەکەی عاسمان ئەتوری



١١٢

لە لوتکەی شیعرما وا گرشەیێکی
گەلاوێژ کوێر ئەکا هەر ورشەیێکی
ئەوەن تینوم بە ئاوی بەحری عیشقت
تەواو بتخۆمەوە هەر پڕشەیێکی

١١٣

کەنی نوقڵی نەباتی شەکری قەندی
بەهاری گوڵ فرۆشی دەوڵەمەندی
خەت و خاڵی منیش کیسەی فەقیرم
لە ڕوم نایە بڵێم ماچێ بە چەندی ؟

١١٤

شەوەق سینگی شەوی خەم هەڵدرە دەی
ببیستم دەنگی بایە قوش هەتا کەی ؟
کچی خۆری شپی هیوام بە تۆیە
ڕەقم بردۆ لە بەر سەرمای چلە و دەی



١١٥

قسەی تیژم دڵی ئاسن ئەپاچێ
لە تاوی خەو بە چاوی شوڵە ناچێ
گوڵم پەڕ پەڕ نەبیتۆ با بە شیعرم
دەمی شر بەستنی چاکە بە ماچێ

١١٦

لە عەتر و دیمەنا سەوزەی هەوەتوی
بە هەیبەت قەڵوەزەی چۆمی جەغەتوی
بە چۆکۆ گوڵ لە ڕوتا دادەنیشن
لق و پۆن چون ئەوان تۆیان بنە توی

١١٧

زمانی چاوو ئەبرۆت پێی وتم دوێ
فریوی داوی داوی ڕاوچێی نوێ
لە ناخی دڵمەوە داخی گرانم
کە ماڵت دێ، کە ماڵت خستە پشگوێ



١١٨

شناسێ وەك منت هەرگیز نەناسی
منی گێلیش لە خۆما تۆ شناسی
گوڵی باخی ئەوینم چەپکە چەپکە
چنی ، بۆ لاسەرەی لاڕێ بە ڕاسی

١١٩

وتم بەحرێکە ئەشکم بێ بن و پەی
هەڵت باکو نەلوشێ تەفرە تاکەی
وتی نامخاتە بن چون سوێرە، خوێیە
وتم شیرن دەبێ تا تۆی لە نێو هەی

١٢٠

نە مانگی تۆ نە ئەستێرەی سوەیلی
نە شیرینی نە عەزرا یا نە لەیلی
لە ئاوینەم کە پرسی پێی وتم تۆ
وەکو خۆتی هەوینی هەست و مەیلی

١٢١

لە چاوت چاوەکانم زۆری نۆشی
شەراوی نیو تەماشا ڕۆژی خۆشی
بە جاری ئێستە وا لێم بوی بە دژمن
خەیاڵیش بێتە لات ڕوی لێ دەپۆشی

١٢٢

بە ئەرکی شانی خۆم زانی لە ئەرکی
ئەوینا ، با دەرەك بێ، ببمە دەرکی
وەلێ دەرکی نەکردم بەرکی ناکەس
نە زازا بو نە گەڵباخی نە هەرکی



١٢٣

دەرو دەشتی دڵم کاکی بە کاکی
گوڵی شین شینکەرن پاکی بە پاکی
لە ڕوگەی عیشق دا هەر توی ڕەمەکی
دەچیتە سوژدەوە بۆ لاك و ماکی



نەما پێم تین و تاوی باوی لاوی
بە خاوی وەر گەڕا گشتم تەواوی
لە بەر قاپی ئەوینت بێ مەتەق مام
وەرم بگری وەیا نە خۆت حەساوی

من ئەو هەنگەم لە شیلەی گوڵ بەری بێ
دژی چون هەنگەبوڵەی موشتەری بێ
کرینی بەرهەم و هەنگوینی شیعری
بە پوڵی بێ پەواج و لاتەری بێ

ئەوەی دو ڕەنگە پڕ ژانە ژیانی
ڕەشە ڕۆژی لە سەر شێوەی شەوانی
وەلێ تۆ کوڵکە زێڕینەی بەهاری
بە حەو ڕەنگیشەوە ڕەنگین کەوانی



١٢٧

نه بۆنی جاڕی گوڵزاری بەهاری
نه بەژنی خەڵفی هەڵکەوتوی چناری
نه ئاهوی سرگی دەشت و مێر خوزاری
ئەتۆ بەختی ئەوینی بەختیاری

١٢٨

دڵی من دەنگی وەک زەنگ و جەرەس دێ
دڵی تۆ ترپە ترپی بۆ هەوەس دێ
دڵی من تۆی لە بەر تۆ خۆش دەوێ و بەس
دڵی تۆ ما تڵە تا چیم لە دەس دێ ..



دوایی

پەراوێز

١) ئەم مصرەعە لە فارسی وەرگیراوە .
٢) ئەم مصرەعە هی حافزە .
٣) ئەم بەیتە هی نالی یە .
٤) لە هۆنراوەیەکی فارسی کەلك وەرگیراوە .

پیرست

/ هەناسەم دای لە گۆنات هەر وەکو با ١
/ وتم : نامە بنوسم دڵ پەشۆکا ٢
/ ئەوەندەت دڵ گوشیم تا دافلیقا ٣
/ چەنێ کوێرەوەریم کێشا لە رێتا ٤
/ سرشکی چاوەکانم کەی؟ لە کوێ دا ٥
/ لە سەر دوندی چیای بەرزی خەیاڵا ٦
/ شەوێ پێم نا بە سەر شەرم و حەیا دا ٧
/ ژمارەی بەختەکەم سفرێکە لای چەپ ٨
/ دەرونم ئاوسی دەردە لە دوریت ٩
/ کەسێ کوڵیلە بۆتۆ دێتە پیریت ١٠
/ کلەی چاوی خەیاڵە خاکی ژێر پێت ١١
/ بە ئەو قەولانە ڕۆژانی هەوەڵ دات ١٢
/ تکێ ئەشکم لە خەودا کەوتە سەر ڕوت ١٣
/ زەمانی شیرەکانی من لە سیمات ١٤
/ گەش و ساماڵە عاسمانی جوانیت ١٥
/ ئەویندارێ دەسی بەستم دەمی سوت ١٦
/ دەسی دڵ کاتی شللیکی گولەی ئاخ ١٧
/ نەخوشێکم لەت و پاری چزی دەرد ١٨

/ خزایە باخەڵم پێرێژنی دەرد..... ١٩
/ چنابێ زاهیدا تۆ بی و خودا وەند..... ٢٠
/ بە بونی خۆشەویستی باوەڕم کرد..... ٢١
/ وەری نەگرێ ئەگەرچی بیر و باوە..... ٢٢
/ ئەگەر هەڵدێ لە ئاسوی لێو بڕێ جار..... ٢٣
/ وەکو ماسی لە ئاو بیهێنیە دەر..... ٢٤
/ لە پێش تۆ دا گەلێ شاگوڵ لە گوڵزار..... ٢٥
/ جەهانم قەت وەکو دوێنی نەبو یار..... ٢٦
/ ئەمن ئاوێنە داری ڕوتم و بەس..... ٢٧
/ لە سەر تاڵانی دڵ کەوتۆتە قەرقەش..... ٢٨
/ نەمامێکی نەزۆکە سەروی تەڕپۆش..... ٢٩
/ خەمی تۆ بوبە هەتوانی دڵی ڕێش..... ٣٠
/ بەشی عاڵەم لە ڕۆژێکا کرا بەش..... ٣١
/ ئەگەر قارە ئەگەر نازە ئەگەر ڕێسك..... ٣٢
/ بە تا مەزروی دڵی هەنگێ تەراوتەك..... ٣٣
/ بە جوانی مەخمەڵی سەوزە قوبەی خاڵ..... ٣٤
/ بلووری ئەشکی وەك ئاقیقی کۆلیل..... ٣٥
/ لەسەر تەختی ئەوینێکی گموگل..... ٣٦
/ تەزی وادەی درۆ گیانی تەزانم..... ٣٧
/ دەترسم هەڵدرم سفرەی دەرونم..... ٣٨

/ چۆلەی چاوی شەوارەی بێ بەیانیم ٣٩
/ ئەوێندارێکی هەر ئەونە بە سۆزم ٤٠
/ بە گەرمە پێکەنینێ چو لە بیرم ٤١
/ دەمێکە چاوەڕێی خونچە دەمێکم ٤٢
/ من ئەو فرمێسکە سەرگەردان و وێڵەم ٤٣
/ ئەلیی قامیشەلانی پر لە نالەم ٤٤
/ بە بێ تۆ مردنە ژینم بە دینم ٤٥
/ ئەڵێن پێم هاوەڵانم تەرکی تۆ کەم ٤٦
/ لە ڕێگەی تەقتەقی عیشقی هەراشم ٤٧
/ وەکو ڕەوتت ڕەوانە تیشکی چاوم ٤٨
/ وەبیرم نایە ڕابردوی ژیانم ٤٩
/ بەر و بۆی داری عومرت بۆچ وەرانم ٥٠
/ لە شەوگاری خەما تاقە سوارم ٥١
/ وەرە دەس بە لە نەزمی دەستی چاوم ٥٢
/ لە جەنگەی نیوە شەو دا گوێ قوڵاخم ٥٣
/ لە سەرمای تەفرەدا سارد و سڕۆ بوم ٥٤
/ نەمامی بەژنەکەت هەر هاتە بەردان ٥٥
/ بڕۆ ناشناسنای ڕاستی درۆزن ٥٦
/ بە دەنگە گەرمەکەت سۆز و کوڵم من ٥٧
/ شەپۆلی بێ وچانی ئەشکی خوێنین ٥٨

/ خەمی تۆ ئەرکی سەر شانی دڵی من ٥٩
/ بە دەم ئاسانە ئەژماری حەزی گیان ٦٠
/ تەماشای چاوەکانت پڕ لە مانان ٦١
/ هەڵە و هەرزە هەڵە و شاشە وەفایان ٦٢
/ وەرە زستانی پیری بەفری باران ٦٣
/ دەمت تەنگە نەوەک تەنگی بەشی من ٦٤
/ بەهارێکم گوڵی شین هەر دەکەم شین ٦٥
/ لە جەرگم تا کۆی هەلسان کەزێ خاو ٦٦
/ لە لای من باری عومرم لارە بێ تۆ ٦٧
/ ئەشا فرمێسکی ئاوارەی چەمی چاو ٦٨
/ وتم: کوا مەیلی جارانت؟ وتی چـــو ٦٩
/ ئەجەل فەرموی : شەوێ عومرت بە سەر چـو ٧٠
/ هونەروەر خۆری بی گەرمایە ئەمرۆ ٧١
/ بەڵێنیت نیوە بەند و بەستەڵەک بو ٧٢
/ دەمە لاسکێی دەمی تۆی خونچە فەرمو ٧٣
/ بژانگی مەخمەڵینی نێرگزی تۆ ٧٤
/ هەرا و نالەم ئەوەندەی بۆ کراوە ٧٥
/ بە ساردی مەیلەکەت گیانم تواوە ٧٦
/ کتێبوی عیشقی تۆ سەخت و گرانە ٧٧
/ قیافەی قافیەی شیعرم چەماوە ٧٨

/ دەماری عیشقی ئەم عەسرە دراوە ٧٩
/ هەمو قەبری خەمن ئەو چاڵ و چۆڵە ٨٠
/ لە ڕێگی بەژنەکەت پشتم چەمیوە ٨١
/ وەکو مێگەل لە سینگم مسۆڵ دراوە ٨٢
/ بەڵی عالەم لە کێ بەر کێی شەرایە ٨٣
/ گەرای زگماکە ئەم ڕۆژە ڕەشیمە ٨٤
/ نەماوە ئەو گوڵەی نەیکەم بە بۆوە ٨٥
/ بریقەی پوڵەکەت وەک وردە شیشە ٨٦
/ لە من پێشکەش بە تۆ بەستە و تەرانە ٨٧
/ دەمی تۆ خۆر هەڵاتی پیکەنینە ٨٨
/ سکوتم دەنگی نالینی حەیایە ٨٩
/ خەتی بالی پەپولەی دڵ وەخوینە ٩٠
/ بە گوێچکەی دڵ دەبیسم یا خەیاڵە ٩١
/ مەپرسە چۆن لە نێو تەندوری حیلە ٩٢
/ قەراری دڵ لە من داوا مەکە مە ٩٣
/ هەمو ئەو سور و سپیە ماسیانە ٩٤
/ نە پێویستم بە تارە نە بە عودە ٩٥
/ کڕێکارم خەمی عیشقم کرێیە ٩٦
/ مژۆڵت تیری تیژی پڕ لە ژارە ٩٧
/ بە چاوی ڕۆشنی ئەو عارە قاوە ٩٨

/ ئەوینی تۆم ڕچەی ژین و ژیانە ٩٩
/ خەتایە مەر لە گەلّما بی سەعاتێ ١٠٠
/ مەفەرمو عارە کەس پێمان بزانێ ١٠١
/ هەتا شلکی خەرامی نەرم و نۆلّی ١٠٢
/ لە عاسمانی ژیانم دا هەسارەی ١٠٣
/ خودا تا کەی بسوتم بۆ چناکەی ١٠٤
/ نە نەی وەك من شکاندویە سکوتی ١٠٥
/ لە مانی نایە کێشانی کەمانی ١٠٦
/ لەشی من قاووخی گەنجی نەداری ١٠٧
/ کەمەندی خۆت خەتاکارە بە من چی ١٠٨
/ وەکو بیستومە فەرموتە بە لۆکێ ١٠٩
/ لە ژیر باری خەما نەمدا وچانی ١١٠
/ تریفەی مانگە شەو هەر شەو بە جۆری ١١١
/ لە لوتکەی شیعرما وا گرشەیێکی ١١٢
/ کەنی نوقلّی نەباتی شەکری قەندی ١١٣
/ شەوەق سینگی شەوی خەم هەلّدڕە دەی ١١٤
/ قسەی تیژم دلّی ئاسن ئەپاچی ١١٥
/ لە عەتر و دیمەنا سەوزەی هەوەتوی ١١٦
/ زمانی چاوو ئەبرۆت پێی وتم دوێ ١١٧
/ شناسێ وەك منت هەرگیز نەناسی ١١٨

/ وتم بەحرێکە ئەشکم بێ بن و پەی ١١٩
/ نە مانگی تۆ نە ئەستێرەی سوەیلی ١٢٠
/ لە چاوت چاوەکانم زۆری نۆشی ١٢١
/ بە ئەرکی شانی خۆم زانی لە ئەرکی ١٢٢
/ دەر و دەشتی دڵم کاکی بە کاکی ١٢٣
/ نەما پێم تین و تاوی باوی لاوی ١٢٤
/ من ئەو هەنگەم لە شیلەی گوڵ بەری بێ ١٢٥
/ ئەوەی دو رەنگە پڕ ژانە ژیانی ١٢٦
/ نە بۆنی جاڕی گوڵزاری بەهاری ١٢٧
/ دڵی من دەنگی وەک زەنگ و جەرەس دێ ١٢٨



فەرهەنگوك

ئەنگواو : پێکراو

بەرك : ڕقەون ، لەجباز

پلار : توانج

تاو : لێزمە . " شدّت ، سرعت " .
لێرەدا بە مانای هەوری پڕ بارانە .

تەمس : گوێیا ، کەچی

تۆڕ : سڵ ، بزیو

توخن : بەدخو ، توش

دلیق : شیلان . (دلیك) بروانە : عمید .

شۆفار : بەدکار ، جاسوس .

قچان : بەردی زلی بنکەی کایەی هەلوکێن .
ئەگەر هەلوك زۆر لە بەردە قچان
نزیك بیتەوە (بە قەد داری دەستی
هەلوکێن یا کەمتر) ئەڵێن : قت .

کۆلیل : دڵپڕ و دڵ بە کوڵی گریان

کەزێ : پەلك ، پرچ

کەلی چڵکن : ملەیەکە لە نێوان دیواندەرە و
هەوشار دا .

گزه : فێل ، گزی ، گەڕ

گشت : ١- بادراو ، کرژ ، دژی خاو .

٢- هەمو

گل : ئێش ، دەرد ، جوڵە ، تل

لوك : وشتری نێر ، وشتری ڕەسەن

مێمڵ : دژ ، (دوژمنی مەرگبڕڕی شت) - خال -

هەتوان : مەرهەم

هاوکاران

شیعر :
مەلا عومەری سالحی ساحیب

ئاماده کردن :
سەید عەبدوللای سەمەدی

خەت :
قاسم ی ئیسماعیل زادە

زیراکس :
هێمرۆ

صحافی :
رەشید زادە

ناوەڕۆک

- [ ] دو بەیتییەکان
- [ ] پەڕاوێز
- [ ] پێرست
- [ ] فەرهەنگۆک
- [ ] هاوکاران

بزەی شەو



چەپکێك لە شێعرەکانی
مامۆستا مەلا عومەری ساڵحی ساحب

ع. کۆلیل

ئامادە کردنی :
سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی

مەهاباد
١٣٦٧/١٩٨٨

ئەسرینی ئاڵ

ESRÎNÎ AL

وەرگێڕدراوەی بابی هەشتەمی گولستانی سەعدی

وەرگێرانی :
مامۆستا مەلا عومەری ساڵحی ساحب
ع. کولیل

ئامادە کردنی :
سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی

مەهاباد
١٣٦٧/١٩٨٨